# چوارەم فستیڤاڵی فیلمی کوردی مانچستەر.

**ئاڵان ئەمین**

**لە دەستپێکی چوارەم فستیڤاڵی فیلمی فیلمی کوردی مانچستەردا گروپی موسیکی ئاوازی وون کۆنسێرتێکی گۆرانی وموزیکی کوردی ساز داکان.**

**کاتژمێر: 2.30 پاش نیوەرۆ**

**رۆژی هەینی 2009/8/14 لە م ناونیشانە:**

Zion Arts Centre، 335 Stratford Road، Hulme، Manchester، M15 5ZA



**گروپە گەنجە کوردستانیاکەی ناو مەملەکەتی وون جارێکی تر ئاوازە وونە نیوە گیاناکان بە رۆحی خۆیان زیندوو دەکەنەوەو گیانێکی تریان بەبەردا دەکەن، تا بە هەست ونەستی کوردەوارییانە بۆ هەموو دنیای بچرن.**

**وەرە تا هزر و گیانت بە شنە بای ئاوازە وونەکان ئاسوودە بکەیت، گوێ بگرە لە گروپی ئاوازی وون تا بە چریکەی خۆیان و سۆزی ئامێرە رەسەنەکانیانەوە لە هەر چوار پارچەی گووڵستان چەپکە گوڵی خۆش ئاوازی کوردیتان پێشکەش بکەن.**


**دوابەدوای کۆنسێرتی گۆرانی و موسیک فیستیڤاڵ دەست بە نمایشی فیلمەکانی دەکات لە کۆرنەر هاوس بەم شێوەیەی لای خوارەوە:**

**2009/8/14 کاتژمێر/ 6:10 ئێوارە**

**سرتە لە گەڵ با**

**دەرهێنەر/ شەهرام عەلیدی/ درێژی فیلم/ 88 خولەک**

**بەرهەمی بەرێوەبەرایەتی سینەمای هەولێرە.**



**چیرۆکی سرتەی ئەو خەڵکانەیە کە با لە تەسجیلەکەی مام باڵداری وەردەگری و لە گەڵ خۆیدا دەیبات بۆ رۆحە نەمرەکنی شاڵاوەکانی ئەنفال، هەروەها گەیەنەری ئەو کورتە نامە تۆمار کراوانەیە کە لە دەمی دایک و باوکە کورِ وون بووەکان، ژنە مێرد لە دەست چووەکان، مێرد مناڵە باوک بزرەکان، پیاوە عاشقە بێ ئومێدەکان، گەنجە دڵ پڕ لە هیواو خەونە لێڵەکان، پێشمەرگە جەزرەبەو شێر ئاساکان، نزای نەخۆش و پەککەوتەکان، دایکانی ئانفال و ژنە رەشپۆشەکانەوە دەیانگەیەنێتە مەنزڵگا چۆڵ و هۆڵەکان.**

Cornerhouse, 70 Oxford Street Manchester, M1 5 NHشوێنی نمایش:

بۆ دەستکەوتنی تیکت: 01612001500

2009/8/14 کاتژمێر 8:10 ئێوارە

**سمینار**


دەرهێنەر/ ئاوات ئوسمان/ 5:26 خولەک

**جادەکان لێرە بێ کۆتایین**

دەرهێنەر/ تۆفیق ئامانی/ 23 خولەک

**شیوەنی بەفر**

دەرهێنەر/ جەمیل ڕۆستەمی/ درێژی فیلم/ 90 خولەک



ئەم فیلمە چیرۆکی بەسەرهاتی ڕۆژان دەگێڕێتەوە کە باوکی بە زۆر دەیەوێت بیدات بە شوو بە بازرگانێکی دەوڵەمەندی دێیەکەیان بێ ئەوەی چاوەڕوانی هاتنەوەی دەزگیرانەکەی

بکات کە بۆ کار کردن لە شوێنێکی ترە، ئەو کۆمەڵگا دڵ ساردە بەفر ئاسایە نەگریا بە سەر نائومێدی ولە دەستچوونی خۆشەویستیە ئەفسوناویاکەی ڕۆژان، بۆیە بەفر لە تاوا داڕما و ڕۆژانی خستە نێو ئامێزی سارد و شڕێوە، تا کەرنەڤاڵی شیوەنی بۆ بگێڕێ و لە ناو تاریکستانی باوک سالاری دەری بێنێ و بۆ هەتا هەتایە لە سەرابی بریسکەی سپی ئاراميا بیپارێزێ.

شیوەنی بەفر لە فستیڤاڵی ئۆلیمپیا ی نێونەتەوەیی بۆ منالان،

باشترین دەرهێنانی فستیڤاڵی بە دەستهێناوە.

Cornerhouse, 70 Oxford Street Manchester, M1 5 NHشوێنی نمایش کردن:

بۆ دەستکەوتنی تیکت: 01612001500

2009/8/15 کاتژمێر 2 ی پاش نیوەڕۆ

**شەڕە دەمانچە**

دەرهێنەر/ حوسێن ئەحمەد/ 4 خولەک

**فلوتی بەهەشت**

دەرهێنەر/ سارا محەمەد عەبدول سەلام/ 12 خولەک

**ساتێ بۆ مەستی ئەسپەکان**

دەرهێنەر/ بەهمەن قوبادی/ 80 خولەک



**ئەیوب کوڕێکی گەنجە لە گەڵ خوشکەکەیدا لە بازاڕدا کار دەکەن کە باوکیان دەمرێت، ئەیوب دەبێ بەر پرسیارێتی سێ خوشک و برا نەخۆشەکەی هەڵبگرێت، هەوڵ دەدات کاری قاچاخچێتی بکات بۆ دابینکردنی پارە بۆ نەشتەری کردنی مەهدی برای.**

**شایانی باسە ئەم فیلمە دەیان خەڵاتی جیهانی بە دەستهێناوە و لە زیاتر لە** 50 **فستیڤاڵی نێودەوڵەتیدا نمایش کراوە.**

**تایبەت بۆ خێزان و منداڵی سەروی** 9 **ساڵان**

**ئەم فیلمە نمایش دەکرێت بە ئامادەیی دەرهێنەربەهمەن قوبادی**

**بۆ کۆڕی پرسیار و وەڵام لە دوای نمایشەکە**

**شوێنی نمایش کردن:**Cornerhouse, 70 Oxford Street Manchester, M1 5 NH

**بۆ دەستکەوتنی تیکت:** 01612001500

2009/8/15 **کاتژمێر** 4:20 **ی پاش نیوەڕۆ**

**فستیڤاڵی نێونەتەوەیی کینۆ**

**لە چوارچێوەی فستیڤاڵی فیلمی کوردی مانچستەردا کۆمەڵی باشترین کورتە فیلمی ئەورووپی نمایش دەکات بە هاوشانی چەند فیلمێکی کوردی، بۆ ئاشناکردنی بینەری هەردولا لە کاری یەکتر.**

2009/8/15 **کاتژمێر** 6:25 **ی ئێوارە**

**شەو لە گەڕەکی ئیستن**

**دەرهێنەر/ دەیڤد مارک/** 25 **خولەک**

**هەرمان**

**دەرهێنەر/ حوسێن حەسەن/** 75 **خولەک**



**چیرۆکی خۆشەویستی هەرمان و ئادەرە کە دەزگیرانی یەکن و ئامۆزان خەریکی خۆ ئامادەکردنن بۆ ئاهەنگی هاوسەرگیری بەڵام لە گەڵ شاڵاوی ئانفالدا ئەم دوو خۆشەویستە لە یەکتر دادەبڕێن و هەریەکە دەکەونە وولاتێکەوە بێ ئاگا لە یەکتر ڕووبەروی چارەنوسێکی نادیار دەبنەوە.**

شوێنی نمایش کردن: Cornerhouse, 70 Oxford Street Manchester, M1 5 NH

بۆ دەستکەوتنی تیکت: 01612001500

2009/8/15 کاتژمێر 8:40 ی شەو

**پۆستە**

دەرهێنەر/ کوردۆ دۆسکی/ 15 خولەک

**بۆنی سێو**

دەرهێنەر/ ڕاڤین عەساف/ 81 خولەک



دوای 20 ساڵ لە دەردەسەری ئاسەوارەکانی چەکی کیمیایی لە شارۆچکەی هەڵەبجە، خەڵک بێ هیوان لە ژیان ئافرەتان ناتوانن تاکە هیوای بە دایک بوونیان بە دی بێنن خەڵک لەوێ هەر هەوڵ دەدەن. بۆ نی سێو گێڕانەوەی چیرۆکی دکتۆرێکی کوردی دانیشتوی ئاڵمانیایە، کە دەڕواتەوە بۆ هەڵەبجە تا یارمەتی بریندارەکانی بەرکەوتو بە چەکی کیمیایی بدات، قوڵی برینەکانی خەڵکانلەم شارەدا جۆرێک لە بێ هیواییان دروست کردووە.

بۆنی سێو یەکەم نمایشێتی لە بەریتانیادا بە ئامادەبونی دەرهێنەر

بۆ کۆڕی پرسیار و وەڵام لە دوای نمایشەکە

شوێنی نمایش کردن: Cornerhouse, 70 Oxford Street Manchester, M1 5 NH

بۆ دەستکەوتنی تیکت: 01612001500

2009/8/16 کاتژمێر 2 ی پاش نیوەڕۆ

**خۆزگە خواردن بە جاران**

دەرهێنەر/ دڵشاد مستەفا/ 12 خولەک

**وولاتی ئەفسانە**

دەرهێنەر/ ڕەحیم زبیحی/ 73 خولەک



کابرایەکی کەم ئەندام هەڵدەستێت بە کۆکردنەوەی ئیمزای

**بەرکەوتوانی شەڕی عێراق ئێران  لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە**
**بەرەو بەغداد بەڕێدەکەوێت، ژنێک و منالێک دەبنە هاوڕێی لە ڕێ**
**لە سەرما ژن و منالەکە ڕەق دەبنەوە**
**فیلمی وولاتی ئەفسانە یەکەم نمایشێتی لە بەریتانیادا.**
Cornerhouse, 70 Oxford Street Manchester, M1 5 NH**شوێنی نمایش کردن:**
**بۆ دەستکەوتنی تیکت:** 01612001500
2009/8/16 **کاتژمێر** 4 **ی پاش نیوەڕۆ**
**پرۆگرامی دۆکومێنتاری**
**ژیان و مردن**
**دەرهێنەر/ زانا هەمە غەریب/** 4 **خولەک**
**خاتوو بەدبەخت**
**دەرهێنەر/ خالید حەمەلاو/** 14 **خولەک**
**ڕۆژە ڕەشەکان**
**دەرهێنەر ئالان ئەمین/** 42 **خولەک**
2009/8/16 **کاتژمێر** 6 **ی ئێوارە**
Cornerhouse, 70 Oxford Street Manchester, M1 5 NH**شوێنی نمایش کردن:**
**بۆ دەستکەوتنی تیکت:** 01612001500
**گۆرانییەکانی وولاتی دایکم**
**دەرهێنەر/ بەهمەن قوبادی/** 108 **خولەک**



**تازە شەڕی عێراق و ئێران کۆتایی هاتووە، میرزای موزیک ژنن دەیەوێت هاوسەرەکەی بدۆزێتەوە، کە لە گەڵ هاوڕێیەکیا ڕویان لە کوردستانی عێراق کردوە، میرزا داوا لە دوو کورەکەی دەکات کە ئەوانیش موزیک ژەنن کە لە گەڵیا بن لە گەشتەکەیدا بۆ دۆزینەوەی دایکیان، ئەم فیلمە فیلمێکی ڕۆمانسی و کۆمیدیە گۆرانییەکانی وولاتی دایکم نمایش دەکرێت بە ئامادەبونی دەرهێنەر بەهمەن قوبادی بۆ کۆڕی پرسیار و وەڵام لە دوای نمایشەکە.**
Cornerhouse, 70 Oxford Street Manchester, M1 5 NH**شوێنی نمایش کردن:**
**بۆ دەستکەوتنی تیکت:** 01612001500
2009/8/16 **کاتژمێر** 8:25 **ی ئێوارە**
**ژانی گەل**
**دەرهێنەر/ جەمیل ڕۆستەمی/** 100 **خولەک**



**هەموو کوردێک ڕۆمانی بە ناوبانگی ژانی گەل لە نوسینی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد دەناسێت و لە گەڵ چیرۆکەکەیدا ژیاوە. ژانی گەل چیرۆکی بە سەرهاتی جوامێر ە کە بۆ بانگکردنی دایەنێک بۆ یارمەتیدانی هاوسەرە دوگیانەکەی لە ماڵ دەردەچێت و بە بێ ویستی خۆی دەکەوێتە ناو ئاپۆرای خۆ پیشاندەرانەوەو دەستگیر دەکرێ و بۆ ماوەی** 10 **ساڵ بە بێ تاوان زیندانی دەکرێت، ئەم فیلمە دەمانباتەوە بۆ ڕۆژە سەختەکانی ئەو سەردەمە. ژانی گەل یەکێکە لە هەرە فیلمە باشەکانی ئەمڕۆی سینەمای کوردی و لە فستیڤاڵی بۆستن ی نێونەتەوەییدا خەلاتی باشترین فیلمی بە دەست هێناوەو لە گەڵ بەشدار بوونی لە دەیان فیستیڤاڵی**
**نێونەتەوەیی تردا لەوانە فستیڤاڵی مومبای، فستیڤاڵی سالێرنۆ، بانگلادش و هتد.. هەروەها لە ساڵی** 2007 **هەڵبژاردەی عێراق بووە بۆ ئۆسکار.**
**شەرەفێکی گەورەیە بۆ فستیڤاڵمان بە ئامادە بوونی مامۆستای گەورەی گۆرانی وموزیکی کوردی و بەڕێوەبەری سۆلی فیلم مامۆستا مەزهەر خالقی، وە لە کۆتایی فیلمی ژانی گەل داکۆڕێکی پرسیار و وەڵام بۆ مامۆستا مەزهەر ساز دەکەین.**
**شوێنی نمایش کردن:** Cornerhouse, 70 Oxford Street Manchester, M1 5 NH

**بۆ دەستکەوتنی تیکت:** 01612001500